# ئێمە چەکی مافی مرۆڤ-مان هەیە بۆ دۆستایەتی گەلان..





لە چوارچێوەی بایەخدانی وەزارەتی مافی مرۆڤ بە هەوڵ و ماندوبوونی ئەم پسپۆر و چالاککار و دەزگا و رێکخراوانەی کە کار بۆ چەسپاندن و بەرەو پێشەوە بردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکەن.. ئەمرۆ 2008/4/2 لە دیوانی وەزارەت بەرێز د. شوان محەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ رێزی لە هەردوو بەرێزان پەخشان زەنگەنە سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان و ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان و عوسمان موفتی نوێنەری وەزارەتی ئەوقاف نا، لەبری ئەوەی کە ئەم دوو کەسایەتیە چ لە میانی کارەکانی خۆیاندا و چ لە میانی فەرمانگەکانیان وەك چۆن لە رابردوودا کاریگەری ئیجابیانەیان لە بواری بنەماکانی مافی مرۆڤ هەبووە، ئێستاش بەهەمان شێوە ئەم دەورەیان لەبەردەوامبوندایە جا چ لە پرۆژەکانی کارکردنی خۆیان لە پەرلەمان و چ لە وەزارەتی ئەوقاف کە باری ئایینی لەم رووەوە قورسایی خۆی هەیە و ئەوانیش درێغیان لە هۆشیارکردنەوە و ئاشناکردنی ئەم رەوشە بینیوە.

لە نزیکەوە وەزیری مافی مرۆڤ بۆ رێزلێنەران دووپاتیکردەوە ئەوان شایانی ئەم رێزلێنانەن، چونکە سالآنێکی زۆرە بێ پچڕان چالاککارانیی خۆیان نواندووە، ئاماژەشی بەوەدا وەزارەتی ئەوقاف لەرووی ئەو توندوتیژی و پێشێلکارییانەی رۆژانە دەرهەق بە بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکرێ هەردەم لە کار و چالاکیدا بوە بەتایبەت لە رێگای خوتبە خوێنەکانی مزگەوتەکان و بلاۆکردنەوەی بەرنامە ئاینیەکانی خۆیان کە ئەم دیاردەیان بەکارێکی دوور لە شەریعەتی ئایینی و مرۆیی وەسفکردووە.

لەبەرامبەردا خاتوو پەخشان زەنگەنە رۆڵی هاوکاری و یارمەتیدانی وەزارەتی مافی مرۆڤی لەم بوارەوە بەرز نرخاند و ئەم رێزلێنانەشی بەهەنگاوێکی گرنگ و شایستە نیشاندا و راشـیگەیاند کە ئەم جۆرە رێزلێنانانە زیاتر گوڕوتین بە ئەوان دەدات کاری زیاتر بکەن بەتایبەت لـە میـانی لیژنەی خۆیانەوە ئەویش لیژنەی داکۆکیکردنە لەمافەکانی ژنان و ئافرەتان.

لەبەشێکی دیکەی ئەم دیدارە کە هەردوو بەرێوبەرانی گشتی دیوان و کاروباری مافەکانی مرۆڤ ئامادەیبوون د. شوان محەممەد عەزیز رایگەیاند وەزارەت بەردەوام دەبێت لەسەر رێزلێنـانی ئـەم کـەس و رێکخراوانـەی لـە بـواری مـافی مـرۆڤ بـە شـێوەیەکی جیـددی و لـە خۆبوردووانـە کاریانکردووە و کار دەکەن و بە پێی وتەکانی وەزیری مافی مرۆڤ کە گووتی: ئێمە چەکی مافی مرۆڤ-مان هەیە بۆ پتەوکردنی زیاتری پەیوەندییەکانمان لەگەڵ وڵاتانی دونیادا.